# ڕاگەیاندنی ستاندی کوردستانی باشوور لە

# پێشانگای نێودەولەتی پەرتووکی فرانکفۆرتی-ئەلمانیا



**دانیشتوان لە ڕاستەوە بەڕێزان: قادر وەهاب، جمال خزنەدار، د، سەروەرعبداللە**

**وەستاوەکان لە ڕاستەوە: یوسف مەنتک، ئەلماس حسیب، سالمێ جاسم، ئاسۆ حیدەری، ئامانج کاوانی،**

**وێنەی ئەندامانی لێژنەی سەرپەرشتاری ئەلمانیا**

ئەمسال زیاتر لە سەد وولات و7000کۆمپانیاو دەزگای ڕاگەیاندن بەشداری ئەم پێشانگایە دەکەن، کوردیش وەک هەر یەکێک لەم دەزگایانە بەشدار دەبێت،ئەم پێشانگایە مەبەستی کلتوری وئابوری ودبلۆماسی بەداووەیە.

بەشداری کورد لە پێشانگای نێودەولەتی پەرتووک لە فرانکفۆرت تەنها ئەم سال نیە بەلکو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سال بەر لە ئێستا سالی 2004 کە پێشتر دەزگاکانی نوودەنگ ومیزۆپۆتامیاوبەڕێز دکتۆر جەزاچنگیانی بەشداربوون.

بەشداری لە سالەکانی 2004و2005و2006، سالی 2007 کوردوەک دەزگایەکی پەرتووک بەشدارە بەیارمەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل چەند دەزگایەکی کلتوری لە ئەلمانیا.

بە شداری کوردستانی باشور:

کۆمەلێک لاوی خۆبەخش ونیشتمان پەروەری کورد لە شاری مانهایم-ئەلمانیا، لە ناوەندی زانین ورۆشنبیری کوردی- ئەلمانی لە مانهایم سەرەتا لەڕێگەی بەڕیز وەزیری ڕۆشنبیری ئیدارەی سلێمانی بەم کارە هەلسان وپرۆژەیان دا بە جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری لەسالی 2003 ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی،لە سالی 2004 جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری فتاح زاخۆیی و هەلگورد عبدولوەهاب بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنی دیوان هاتن لەگەل ئەندامانی ناوەندی زانین ورۆشنبیری کوردی ئەلمانی بەشدار بوون ،دواتر سەنتەرەکە ناوی بوو بە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی –ئەلمانی لە مانهایم ،سالی 2005 ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی- مانهایم و ووەزارەتی ڕۆشنبیری بەشداریان کرد،سالی 2006 ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی- ئەلمانی مانهایم بەشدار بوون لەگەل وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی یەکگرتوو، سالی 2007 وەزارەتی ڕۆشنبیری بە هاوکاری وهاو بەشی دەزگاکانی وەک:1- ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی- ئەلمانی-مانهایم،2-ئەکادیمیای زانست بۆ کوردۆلۆژی لە بەرلین،3- دەزگای هاڤیبوون لە بەرلین،4- سەنتەری ئەرشیفی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە هانۆڤەر بەشدارن.لەکوردستان نزیکەی پازدە دەزگا پەرتووک دەهێنن.

چەدین چالاکی ڕۆشنبیری ئەنجام دەدرێت وەک کۆڕوسیمینارلەلایەنبەڕێزان:

1-جەلیلی جەلیل/ڕۆشنبیری کوردی لەچاپەمەنیەکانی یەکێتی سۆڤیەت.

2-فەرهاد شاکەلی/باسێکی ئەدەبی

3-د.هانا کوشکلەر/دیکۆمێنتی کورد لە مێژوودا

4-د.نەجاتی عبداللە/باسێک

5- د.زوهدی داودی /چاپەمەنی کوردی

6- د. ئەحمەدی مەلا/بابەتێکی ئەدەبی

7-د.زۆرابی ئالیان/ڕاگەیاندنی کوردی لەباکوری کوردستان

8-د.جبار قادر/مادەی 140 لەدەستوری ئێراقدا

9- جمال خزنەدار/بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە گەرمیان وکەرکوک

10- یوسف مەنتک/ڕاپۆرتی کۆتایی پێشانگا

خانەی کوردی Halle 5.0 ، A 967

Frankfart Book Kair

Ludwig- Erhard Anlaga 1

10.10.07 – 14.10.07

لێژنەی ڕاگەیاندنی ستاندی کوردی

لە پێشانگای نێودەولەتی پەرتوکی فرانکفۆرت-ئەلمانیا